# ئەنفال کراوەکان و ئەنفال چی یەکان پیکەوە گەڕانەوە !

**عەلی مەحمود محەمەد ٢١-٤**

لەم ڕۆژانەدا لە دەورو بەری شاری کەرکوك چەند گۆڕیکی بە کۆمەل دۆزرایەوە بە کۆمەل تیایدا ژن و منال گەنجی کورد زیندەبەچال کرابون. لە هەمان کاتدا لە کوردستانی ڕزگار بوو بە دەستی جەماوەری ڕاپەڕیو کەس و کاری قوربانیان لە سالی ١٩٩١ پیشوازی لە کۆمەلیك جاشی جۆراو جۆر کرا لە جاش قەلەم، ڕاپۆرت نوس، وەزیری بێ جانتای ڕسوا، جاشی حوکمی زاتی ڕسوا، چەك لە شان، سەرۆکی پارتی کارتۆنی گەوادانی سیاسەت، ئەوانەی ئەو ئەنفال کراوانەی ئیستا تە نها بە ئیسك دەیان دۆزینەوە ئەوان تەسلیمیان کرد بە عەلی کیمیاوی و حەجاج هەموو پاش نەمانی ئاغاکەیان هاتونەتە کوردستان دیاری دەستیان ئیسك و پروسکی کەس و کارمانە.
ئیستا بەعسیە عەرەبەکان دەگرترین دادگایی دەکرین بەلام ئیمەی کورد بەوەفاین بۆ خۆفرۆشەکانمان. لە عیراق بەعسی قڕانە بەلام لە کوردستان دەرگای کوردستانیان بۆ ئاوەلەیە و لە بڕی یەك حکومەت دەرگای دوو حکومەتیان بۆ کراوەتە سەر پشت. یاخوا خیر بیت قەلەم بەدەستانی داهاتوی حزبەکان، دروست کەرانی داهاتوی حزبی کارتۆنی وەك جاشەکانی سەرچیا، وەزیرو سەر لەشکرو سەر سوپاو سەر دزانی داهاتوی کوردستان. دیموکراسی بێ ئیوە مانای نی یە بەخیر بینەوە جاشە ڕەنگاو ڕەنگەکان. بەلام خۆزگەم لەگەل ئیسك و پروسکی ئازیزانمان پاو قەدەمتان نەهینایە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org